# نامەیەکی کراوە

# بۆ ئەبوبەکر کاروانی

# بەڵێ سەلەفیەکان نامۆن ، بەڵام ؟!

ئامادەکردنی : هاوار عبدالله محمود

پێداچونەوەی : م . عدنان بارام کەلاری

ئەبوبەکر کاروانی ماوەیەك بێش ئێستا لەکەناڵی ( nrt ) یەوە چەند قسەیەکی نامۆی لەسەر سەلەفیەت و سەلەفیەکان کرد ، هەرچەند خۆی لەچەند جێگایەکی قسەکانی بەگوفتار و بەکردار وەڵامی خۆی داوەتەوە بەڵام بە پێویستم زانی لەئێستادا وەڵامێکی کورت و پوختی چەند قسەیەکی بدەمەوە ، لەدەرفەتێکی تردا وەڵامی تەواوی قسەکانی ئەدەمەوە ... ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە :

١ ـ ئەبوبەکر کاروانی ئەڵێ : (( من پێم وایە بونی سەلەفیەکان لەکوردستان بونێکی ناپێویستە ، بەبڕوای من نامون بەکلتوری کوردەواری ، وە نامۆن بە تایبی دینداری کوردەواری ، وە کۆمەڵێك کێشەش ئەتوانن بۆ کوردستان لەداهاتووا دروست بکەن )) !!!

جا سەیر لەوەدایە ئەمە قسەی کەسێکە خۆی لەتەوقی سەریەوە تاوەکو نوکی پەنجەی پێی پێچەوانەی کلتوری کوردەواریە ، کەچی کلتوری کوردەواری بە سەلەفیەکان ئەفرۆشێتەوە ، کاك ئەبوبەکر کاروانی ئەگەر گوزەرێك بکەین بەنێو مێژووی کلتوری کوردەواری ئەوا پیاوانی هاوتەمنی تۆ هەمیشە جلی کوردیان دەپۆشی و سەروێنیان دەبەستەوە بەڵام تۆ بە سەری پەتی و قات و بۆینباخەوە ئەڵێی سەلەفیەکان نامۆن بە کلتوری کوردەواری ؟ باشە کە سەلەفیەکان بەو جلە کوردیەی ئەیپۆشن و وە بەو سەروێنەی زۆربەیان ئەیبەستنەوە نامۆ بن بە کلتوری کوردەواری ئەی ئەگەر ئەو کاتەی ئەم قسانەت کرد سەیرێکی ئاوێنەت بکردایە بە قات و بۆینباخەوە چیت بەخۆت دەوت ؟

ئەی نازانی خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾ ( الصف : ٢ ) .

وە ڕەحمەت لە شاعیر کە دەڵێ : لَا تَنْهَ عَنْ خُلُقٍ وَتَأْتِيَ مِثْلَهُ عَارٌ عَلَيْكَ إِذَا فَعَلْتَ عَظِيمُ .

جا ئەگەر جەنابتان تەنها لە بۆنە و جەژنەکان قاتی کوردی لەبەردەکەی ئەوا سەلەفیەکان هەمیشە لەبەریانە ، کاك ئەبوبەکر کاروانی هەست ناکەی تۆ باسی خوت دەکەی بەبێ ئەوەی ناوی خۆت بهێنی ؟ کەواتە دەستە چەورەکەت بە سەلەفیەکاندا مەسڕە چونکە خەڵکی چاوی هەیە و باش دەبینن کە سەلەفیەکان لە هەموو کەسێك نزیکترن لە وەك خۆت ئەڵێی ( تایپ ) لە تایپی

کلتوری کوردیەوە . بە هەمان شێوەیش ئافرەت لە کلتوری کوردەواری جبەی تورکی نەدەپۆشی بەڵکو عابا لەسەر بوو وەك ئەوەی ئێستا ئافرەتانی سەلەفی عابا پۆشن ، کەواتە سەلەفیەکان بە ژن و پیاوەوە لە ئێوە نزیکترن لە کلتوری کوردەواری . بۆیە بە قات و بۆینباغەوە کلتوری کوردیمان پێ مەفرۆشە .

سەلەفیەکان زیندوکەرەوەی کلتوری کوردەوارین ، ئەوەی وای کردبێ کلتوری کوردەواری نامۆبێ لەناو کورد ئێوەن کە کاریگەرن بە تایپی رۆژئاوایی لە جل و بەرگ و بانگەوازتان ، وە ئەو کێشەیەش تۆ باسی لێدەکەی کە سەلەفیەکان لە داهاتودا دروستی بکەن ئەوە ترسێکە لە دڵی تۆدا دروست بووە ، خەمی خەڵکی کوردستانت نیە بەڵکو خەمی کەمبونەوەی ئەندامەکانی خۆتانتە . وەك لە درێژەی قسەکانتدا سەبارەت بە یەکێك لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی سەلەفیەکان ئەڵێی : (( **دووەمیان ئاماژەیە بە کۆتایی هاتنی یان ناکاریگەری فۆرمی ئیسلامیەکان لە کۆمەڵگای ئێمەیا لەبەر ئەوەی کە بانگەوازێکی رۆحی اخلاقی دینی ناحزبی لەبەرامبەر سەلەفیەکانەوە نیە کە بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە بۆشاییەك دراوە بە دەستەوە ئەوان پڕی دەکەنەوە** ) . کەواتە *کاکە* تۆ شیوەن و گریانەکەت بۆ هەلیسەکەیە نەك بۆ حسین ، لە کاریگەری سەلەفیەت دەترسی لەسەر ئەندامەکانی خوتان نەك لەناوچوونی کلتوری کوردی .

٢ ـ *ئەبوبەکر کاروانی* تۆ لەلایەکەوە سەلەفیەکان بە نامۆ دەزانی بە تایپی دینداری کوردەواری کەچی لەولاوە تایپی دینداری خۆیشتان جیا دەکەیتەوە لە تایپی دینداری کوردەواری !! وەك ئەڵێ : (( **ئەمە جگە لەوەی کە لەگەڵ تایپی دینداری ئیمەیا کێشەی هەیە** )) !! هەروەها دەڵێی : (( **لەگەڵ تایپی دینداری ئیمەشا کێشەیان هەیە** )) کەواتە هەر بە پێی وتەکانی خۆت ( تایپی ) دینداری ئێوەیش جیاوازە لە ( تایپی ) دینداری کوردەواری ، چونکە بە پێی قسەکەی جەنابت ئێستا سێ تایپی دینداری هەیە .

١ ـ تایپی دینداری کوردی . ٢ ـ تایپی دینداری ئێوە . ٣ ـ تایپی دینداری سەلەفی ... کە کێشەی لەگەڵ تایپی دینداری کوردەواری و تایپی دینداری ئێوەشدا هەیە . ئەی نازانی کاتێك

دەڵێی : (( **لەگەڵ تاییی دینداری ئێمەشا** )) ئەو خودی ( ئێمەش ) لە زماندا خۆجیاکردنەوەیە ؟!

ئیتر لافی چی لێدەدەی ؟!!

**٣ ـ دەڵێی :** سەلەفیەت کێشەی هەیە لەگەڵ : (( **دیموکراسی و نەتەوایەتی و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژن و ئیسلامی میانڕە و ...** )) ، ئەگەر مەبەستت لەدیموکراسی لەحوکمرانی بێت بەڵێ راست دەکەی سەلەفیەت کێشەی گەورەیان لەگەڵ ئەم جۆرە دیموکراسیە هەیە و لە هەموو شوێنێکدا بە ئاشکرا وتویانە حوکمی خوامان دەوێ نەك دیموکراسی بە پێچەوانەی ئێوەوە لە دانیشتنە تایبەتەکانتان دیموکراتی بە کوفر دەزانن و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانتان و لە پەرلەمان سەرزمان و بن زمانتان دیموکراسیە ، ئەی ئێوە ناڵێن ئەندامەکانمان لە پەرلەمانن بۆ گێڕانەوەی حوکمی خوا و حوکم کردن بە شەرع ؟ بەچی حوکی خوا دەگێڕنەوە ؟ بە دیموکراسی ؟ ئەگەر دیموکراسیەك حوکمی خوا پەك بخات ئەوە پیرۆزی جەنابت بێ سەلەفیەکان بە ئاشکرا رەتی دەکەنەوە . وە ئەگەر مەبەست لە دیموکراسی ئەوەیە کە لە تەلەفزیۆنەکەتان رەنگی داوەتەوە لە هێنانی ئافرەتی رازاوە بۆ سەر شاشە و پەخش کردنی مسلسلی سفور و بەکارهێنانی ئافرەت لە ریکلامی بازرگانی و دەست خستنە ناو دەستی علمانیەکان بۆ چونە پەرلەمان و هێنانی ئافرەت بۆ سەر جادە بەبیانوی خۆپیشاندان و ... هتد . ناواللە ئەو دیموکراسیەتەش لای سەلەفیەکان مایە پوچە و کێشەیان لەگەڵی هەیە چونکە پێچەوانەی شەرعی خوایە .

بە نیسبەت نەتەوایەتی تۆ کۆتا کەس بە باسی نەتەوایەتی بکەی چونکە تەنانەت تاییی جل و بەرگەکەیشت نەتەوەیی نیە ، وە سەلەفیەکان زۆر لە ئێوە دڵسۆزترن بۆ نەتەوە و نیشتیمان ، رۆژێك سەلەفیەکان نەبوونە هۆکاری ئاژاوەگێڕی لە کوردستان خەڵکیان لەسەر جادە کۆنەکردەوە بۆ ئەوەی منداڵی فەقیر خۆێنی بە هەدەر نەچێ و نەکوژرێ ، ئیتر کوردایەتی چی بە سەلەفیەکان ئەفرۆشیتەوە ؟

وە بە نیسبەت ئەوەی ( سەلەفیەت لەگەڵ ئیسلامی میانڕەو کێشەی هەیە ) ؟ زەحمەت نەبێ پێناسەی ئیسلامی میانڕەو چیە لای جەنابتان ؟ ئەگەر ئیسلامی میانڕەو پەخش کردنی زنجیرەی دۆبلاژکراو و گۆرانی حەسەن زیرەك و ریکلام کردن بە ئافرەت و هێنانی ئافرەت بە رازاوەیی بێت

بۆسەر شاشە بەڵێ سەلەفیەت کێشەی لەگەڵ ئەو حەرامانەدا هەیە . ئەو قسانەش لەلایەن هەندێك لە ناحەزانەوە ئەکرێن هیچ نیە چونکە هەموو بانگەوازێکی حەق دوژمنی هەیە لە هەموو کومەڵگایەکدا .

**٤ ـ *ئەڵێ* : (( سەلەفی نازانێ چۆن لەگەڵ نەریتەکانی کۆمەڵگادا مامەڵە بکات من لەم ماوەیە نزیکێکی خۆم باوکی عەمری خوای کرد نەهات بەشداری پرسەکەی نەکرد لە مزگەوتا بە سیفەتی ئەوەی ئەمە بیدعەیە )) !!!**

دیارە نەهاتنی ئەو خزمەی جەنابت بۆ تەعزیەکە زۆر عەزێتی داوی بۆیە ئەوەندە بە گرژی قسە لەسەر سەلەفیەکان دەکەی بەڵام تۆ لای خۆت بەناو رۆشنبیری وای دانێ ئەو خزمەت هەڵەیە ـ ئەگەرچی لەسەر حەقە ـ ، چۆن کرداری کەسێك ئەکەیتە بەڵگە لەسەر رێبازێك و هەزاران خەڵکی تری سەلەفی ؟ سەیرم لە تۆی بەناو رۆشنبیر دێت حەق بەخۆت ئەدەی بەبێ بەڵگە بچیتە تەعزیەوە کەچی ئەو حەقەت بەو خزمەت نەداوە لەکاتێکدا ئەو کەسە تەعزیە بە بیدعە دەزانێ و بای ئەوە بەڵگەی شەرعی پێیە کە تەعزیە بەو جۆرەی ئێستا هەیە بیدعەیە ، تۆ بە قات و بۆینباخ و شێوە و شکڵێکی رۆژئاوایی و دور لە کلتوری کوردەواری و بە ریشی تاشراوەوە حەق بە خۆت ئەدەی قسە لەسەر ئەو خزمەت بکەیت کە بەشداری پرسەی نەکردووە چونکە پێچەوانەی عورفە لای تۆ ئەی نازانی ریش تاشینەکەی خۆت حەرامە و چەندین فەرموودەی صحیحی لەسەر هاتووە ؟ ئەمە جگە لەوەی بە پێی وتەی پێشەوایانی هەرچوار مەزهەبەکە و تەنانەت مەزهەبی زاهیریش ریش تاشین حەرامە ، کاکە وەك چۆن خۆت بەڵگەکان لە دژتن و هەر سوری لەسەر ئەو تاوانە ئاوایش حەق بدە بەو خزمەت کە بەڵگەکان پاڵپشتی دەکەن ، تۆ بۆ رازی کردنی دڵی زیندووەکان لە تەعزیەکە ئامادە بووی حەق بەو خزمەیشت بدە کە لە پێناو رەزامەندی خوا ئامادەی تەعزیەکە نەبووە .

٥ ـ ***ئەبوبەکر کاروانی* ئەڵێ : (( سەلەفیەکان لەگەڵ تایبی دینداری کوردەواری کێشەیان هەیە )**

ئەوا منیش پێت دەڵێم سەرچاوەی تایپی دینداری کوردەواری چیە ؟ ئەگەر قورئان و سوننەتە ئەوا عەفوت فەرموو سەلەفیەکان نزیکترین گروپن لە قورئان و سوننەتەوە بەڵام ئەگەر مەبەستت لە

دینداری کوردەواری تەصوف بەتایبەت نقشبندی و قادری بێ یان داب و نەریتێکی دژ بە دین بێ ئەوا بەڵێ بەوپەڕی سەربەرزیەوە سەلەفیەت کێشەی لەگەڵ ئەو جۆرە دینداریە هەیە چونکە لە قیامەتدا خوای پەروەردگار لێپرسینەوەمان لێ ناکات لەسەر ئەوەی لەسەر تایپی دینداری کوردەواری پەرەستومانە یان لەسەر تایپی دینداری عەرەبی ، دین لای خوای پەروەردگار یەك دینە ئەویش ئیسلامە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلامُ ﴾ ( آل عمران : ١٩ ) جا ئێمەی موسڵمان پێویستە لەسەرمان بەبێ تەعەصوب و دەمارگیری بۆ نەتەوە تەریقەت بە تاك و تەنهایی خوای پەروەردگار بپەرستین بەو شێوەیەی فەرمانی پێکردوین وەك ئەفەرموێ :

﴿ قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصاً لَّهُ الدِّينَ ﴾ ( الزمر : ١١ ) .

وە ئەگەر مەبەستت لە دینداری پەرستشە ئەوا بۆ ئەوەی باشتر تێبگەی پێناسەیەکی (پەرستشت ) بۆ دەکەم کە بریتیە لە : (( اسم جامع لكل ما يحبه اللّٰه و يرضاه من الأقوال والأعمال الظاهرة والباطنة )) .

وە مەرجەکانی قبوڵ بونی عیبادەتیش دوانە :

یەکەم / ئیخلاص بۆ خوا .

دووەم / شوێنکەوتن و لاسایی کردنەوەی پەیامبەری خوا ﷺ .

هەر دینداریەك لەو پێناسە و دوو خاڵەی سەرەوە دەرچوو پەرستشێکی رەت کراوەیە بە رووی خاوەنەکەیدا جا کوردی بێ یان عربی یان فارسی ... هتد .

پاشان ئەمەی تۆ ئەیڵێی هەمان قسەی بتپەرستانی قورەیشە کە دەیانویست پەیامبەری خوا ﷺ بە پێی عورف و عادەتی ئەوان پەرستش بکات و داوایان دەکرد ساڵێك خوای تاك و تەنها بپەرستێ و ساڵێکیش خواکانی ئەوان ، کەچی پەیامبەری خوا ﷺ نەیوت ئەمانە لە خزم و هۆز و تیرە و هاوزمانی خۆمن بە قسەیان دەکەم بەڵکو خوای پەروەردگار پێی فەرمووی کە پێیان بڵێ : ﴿ لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴾ ( الكافرون : ٢ ) هەروەها فەرمووی پێیان بڵێ : ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴾ ( الكافرون : ٦ ) دەزانی بۆ ؟ چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلامُ ﴾ .

٦ ـ **كه** *جەنابەت* **دەڵێ : (( دینداری ئێمە دینداریەكە تێكەڵاو بە عیرفان و ناسكێتی و سۆفیزمە ))** ئەمە شتێكی نامۆ نیە بەلای منەوە چونكە سۆفیگەرێتی لە باوانی گەورەتانەوە بۆتان ماوەتەوە ، بیرت نەچێ دامەزرێنەرە گەورەكەتان كە رابەری یەكەمی ئیخوانە ( حسن البنا ) سۆفیەكی حوصافی بووە هەروەك خۆی لە كتێبی ( مذكرات الدعوة والداعية ) ئەڵێ : " **وصحبت** الإخوان الحصافية بدمنهور، وواظبت على الحضرة في مسجد التوبة في كل ليلة " ( مذكرات الدعوة والداعية ص ٢٤ ) ، هەروەها ئەڵێ : " وحضر السيد عبد الوهاب ( المجيز في الطريقة الحصافية ) وتلقيت الحصافية الشاذلية عنه ، وأذني بأدوارها ووظائفها " ( مذكرات الدعوة والداعية ص ٢٤ ) .

٧ ـ *ئەبوبەكر كاروانی* **دەڵێ : (( ئەگەر دووسەد ساڵی مێژووی ئێمە نەقشبەندی و قادری لێ لاببەی بە پلەی یەكەمیش نقشبەندیەكان هیچمان نامێنێتەوە )) .**

ئەگەر دینداری لای تۆ تەریقەتی ( نقشبندی و قادری ) بێ ئەوا مشتێك لە خەرمانی بیروباوەڕی ئەو دوو تەریقەتەت پێ دەڵێم :

*یەكەم / مشتێك لە خەرمانی سەرپێچی وكوفرەكانی تەریقەتی قادری :*

١ ـ لە پاداشتی سەردانی قەبری شێخ هاتووە : " ضريحي بيت الله من جاء زاره ، يهرول له يحظى بعز ورفعة " ( الفيوضات الربانية في المآثر والأوراد القادرية ) .

٢ ـ قال الشيخ في الوسيلة : " وأمري أمر الله إن قلت كن يكن وكل بأمر الله أحكم بقدرتي . وأعلم نبات الأرض كم هو نابت . وأعلم رمل الأرض كم هو رملة ، وأعلم علم الله أحصي حروفه ، وأعلم موج البحر كم هو موجة " ( الفيوضات الربانية في المآثر والأوراد القادرية ، ص ٣٣ - ٣٦ ) .

٣ ـ " إذا وقع لك هم أخطو أحد عشر خطوة إلى جهة العراق وتقول في الأول يا شيخ محيي الدين وفي الثانية يا سيدي محيي الدين وفي الثالثة يا مولانا محيي الدين وفي الرابعة يا مخدوم محيي الدين وفي الخامسة يا درويش محيي الدين وفي السادسة يا خواجة محيي الدين وفي السابعة يا سلطان محيي الدين وفي الثامنة يا شاه محيي الدين وفي التاسعة يا غوث محيي الدين وفي العاشرة يا قطب محيي الدين وفي الحادية عشر يا سيد السادات عبد القادر محيي الدين ويا شيخ

**الثقلين أغثني** " ( الفيوضات الربانية في المآثر والأوراد القادرية ، ص٣٢ ) .

## دووەم / مشتێك لە خەرمانی سەرپێچی وكوفرەكانی تەریقەتی نەقشبەندی :

**١ ـ هەر كەسێك بڵێ تەریقەتەكانی صۆفیگەری لەقورئان وسونەتدا نەهاتووە و بڵێن كەم و كورتی تێدایە كافرە ؟**

**( الحديقة الندية في الطريقة النقشبندية محمد بن سليمان البغدادي ص ٣١.االمكتوبات الربانية للسرهندي ٣٤٧ ) .**

**٢ ـ شێخەكانی تەریقەت زانستەكان راستەوخۆ لە خواوە وەردەگرن (مكتوبات الامام الرباني المسمى بالمكتوبات الشريفة ص ٤١) .**

**٣ ـ هەركەس شێخ نەبوو شەیتان دەبێتە شێخی و كافرە ( البهجة السنية في آداب الطريقة العلية الخالدية النقشبندية ص ٤٧ لمحمد بن عبد الله الخاني. نور الهداية والعرفان في سر الرابطة والتوجه وختم الخواجكان لمحمد أسعد صاحب زادة: مصر ١٣١١) .**

**٤ ـ نەقشبەندیەكان پێیان وایە كەوا : بهاء الدين نقشبند ( دامەزرێنەری نەقشبەندی ) بە مرۆڤ ئەڵێ بمرە دەمرێ پاشان ئەڵێ زیندوو بەرەوە زیندوو دەبویەوە ( المواهب السرمدية ١٣٣–١٣٤، الأنوار القدسية ١٣٧ الحدائق الوردية ١٣٧، جامع كرامات الأولياء ١/١٤٦–١٤٧. المكتوبات الربانية للسرهندي ٣٤٩ ) .**

**٥ ـ أحمد الفاروقي السرهندي ئەڵێ : « كثير ما كان يعرج بي فوق العرش وأرتفع فوقه بمقدار ما بين مركز الأرض وبينه، ورأيت مقام الإمام شاه نقشبند ... قال « واعلم أني كلما أريد العروج يتيسر لي » ( المواهب السرمدية ١٨٤ الأنوار القدسية ١٨٢ قال وكانت الكعبة تطوف به تشريفا له ، المواهب السرمدية ١٨٥ البهجة السنية في آداب الطريقة الخالدية العلية النقشبندية ٨٠ الحدائق الوردية في حقائق أجلاء النقشبندية ٨٠ ) .**

**٦ ـ عبد الله الدهلوي ئەڵێ : « أرواح عامة المؤمنين يقبضها ملك الموت وأما قبض أرواح خاصة الخاصة فلا دخل للملائكة فيها. الحدائق الوردية في حقائق أجلاء النقشبندية ٢١٣.**

٧ ـ ئەڵێن : وحين توفي حبيب الله جان جانان النقشبندي ارتفع نصف القرآن الى السماء ووقع في الدين فتور الأنوار القدسية ٢٠٧ المواهب السرمدية ٢٣١-٢٣٢ الحدائق الوردية في حقائق النقشبندية ٢٠٦.

٨ ـ وكان عبد الله الخاني يخبر بالامور قبل وقوعها ولا يسال أتباعه عن أحوالهم وإنما يخبرهم عنها. جامع كرامات الأولياء ١/٢٢٢-٢٢٣.

الشيخ محمد المعصوم فقد كان غوثاً يستغيث به الناس ويصفونه بحضرة (القيوم) فقد سقط أحد مريديه عن فرسه في الصحراء ، قال:فاستغثت بحضرة (القيوم) فحضر بنفسه وأيقظني" ، وكذلك أشرف آخر من أتباعه على الغرق فاستغاث به فحضر في الحال وأنقذه.وكان يغيث الناس في أقصى الأرض وهو جالس في مكانه. فقد استغاث به رجل في سفينة كانت تغرق فمد الشيخ يده وانتشل السفينة وهو في بيته أمام أصحابه الذين رأوا فجأة أن كُمّه صارت مبللة بعد أن رأوه يمدها في الهواء" [جامع كرامات الأولياء ١/١٩٩ المواهب السرمدية ٢١٠-٢١٣ الأنوار القدسية ١٩٥]

٩ . وحكى الكوثري عن أبي الحسن الشاذلي أنه قال: "أطلعني الله على اللوح المحفوظ ، فلولا التأدب مع جدي رسول الله لقلت هذا سعيد وهذا شقي" [ارغام المريد شرح النظم العتيد لتوسل المريد برجال الطريقة النقشيندية ٣٩]

١٠ ـ وكان الشيخ عبدالله الخاني يخبر بالأمور قبل وقوعها وكان لا يسأل أتباعه عن أحوالهم وإنما يخبرهم عنها [جامع كرامات الأولياء ١/٢٢٢-٢٢٣] أما محمد الخوجكي الأمكنكي فما من ذرة في العالم إلا وهو يمدُّها بالروحانية" [المواهب السرمدية ١٧٨ الأنوار القدسية ١٧٨ ]

١١ ـ دەرکەوتنی خوای پەروەردگار لەسەر شێوەی ئاژەڵان . والعياذ بالله . رشحات عين الحياة ١٣٣-١٣٤. البهجة السنية في آداب الطريقة العلية الخالدية النقشبندية ص ٤٨ لمحمد بن عبد الله الخاني، وانظر كتاب ارغام المريد في شرح النظم العتيد لتوسل المريد برجال الطريقة النقشبندية ٦٠ مكتوبات الامام الرباني ص ١٣ و١٩٨

١٢ ـ هەندێك سەگ لایان سۆفیەکی نەقشبەندیە المواهب السرمدية في مناقب النقشبندية لمحمد أمين الكردي ١١٨ -١١٩ الأنوار القدسية في مناقب النقشبندية ١٣٠ الحدائق الوردية

في حقائق أجلا النقشبندية ١٣٠ البهجة السنية في آداب الطريقة النقشبندية ٧٣.

١٣ـ هەندێك ئاژەڵ شێخی تەریقەتن البهجة السنية في آداب الطريقة العلية الخالدية النقشبندية ص ٦ لمحمد بن عبد الله الخاني.

١٤ ـ بە گەورە ڕاگرتنی نەقشبەندیەکان بۆ ابن عربي گومڕا : يصفونه بالشيخ الأكبر ويقولون عند ذكر اسمه « قدس الله سره» ويصفونه بـ «غوث المحققين وقطب الموحدين» مع اعترافهم بأنه كان يقول: أنا ختام الأنبياء والمرسلين البهجة السنية في آداب الطريقة النقشبندية ٥١ وانظر المكتوبات ص ١٩٣. ولا يزال النقشبنديون يصفونه بخاتم الأولياء ، المواهب السرمدية ١٦٢.

١٥ ـ شێخیش وەکو کەعبەیە السجود للكعبة التي تزور الاولياء في الله وقد شبه محمد أمين الكردي الشيخ بالكعبة: « يسجدون اليها والسجود لله: فكذلك الشيخ المواهب السرمدية ٣١٣ الأنوار القدسية ٥٢٥.

جا ئەگەر بەڕێزتان فەخر دەکەن بەم تەریقەتانە و بە مێژووی خۆتی دەزانی و لەسەر ئەم تاپیەی ئەمانە دینداری ئەکەی ئەوا تۆ ئازادی و پیرۆزت بێ ، بەڵام ئەوەش بزانە لەسەر ئەو جۆرە گومڕایی و کوفرانە سەلەفیەت کێشەی لەگەڵ تصوف هەیە ، تەنها ئەڵێم ڕەحمەت لە ئیمامی شافعی کە فەرمویەتی : « لو أن رجلا تصوف أول النهار لا يأتي الظهر حتى يصير أحمقا ، وما لزم أحد الصوفية فعاد إليه عقله أبدا » ( تلبيس ابليس لابن الجوزي ص ٣٧١ ) .

**٨ ـ زۆر عەیبە بۆ کەسایەتیەکی بەناو ئیسلامی وەکو تۆ ئەڵێی : (( ئەگەر دووسەد ساڵی مێژووی ئێمە نەقشبەندی و قادری لێ لاببەی بە پلەی یەکەمیش نقشبەندیەکان هیچمان نامێنێتەوە نە مەحویمان ئەمێنێ نە نالیمان ئەمێنێ نە مەولەویمان ئەمەێنێ و نە جەزیریمان ئەمێنێ  نە وە ئەمانە بەشێك نین لە کولتوری ئیسلامی ڕەسەن لای ئەوان )) !!!**

ئەگەر مێژووی تۆ لەو دووسەد ساڵە کۆبۆتەوە و دینەکەت لەو دووسەدساڵەی نەقشبەندی و قادریەکانەوە وەردەگری ئەوا سەلەفیەکان دینەکەیان لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا وەردەگرن ، کە قورئان و سوننەتە و بە تێگەیشتی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیانە .

جەنابت بەهەڵە تێگەیشتوی بە عەکسەوە ئەگەر دووسەد ساڵی مێژوو لاببەین بەتاییەتی

نەقشبەندی ئەوا شەریك قەراردان و كوفر و سەرلێشێواوی كەم دەبێتەوە ، ئەگەر هیچمان بۆ نەمێنێتەوە تەنها لە یەك رووەوەیە ئەویش شیرك و گۆڕپەرستیمان بۆ نامێنێتەوە . بەنیسبەت ئەو شاعیرە بەرێزانەش راست نیە ! هیچ سەلەفیەك دژ بەوانە نەوەستاوە ئەوانە شاعیری گەورەن لە مێژووی ئەدەبیاتی كوردی وە هیچ سەلەفیەك نە بە وتار و نەش بە نوسین بە خراپ قسەی لەسەر ئەو شاعیرانە نەكردوە بەڵام كێشەی جەنابتان كە بەڵگەی قورئان و سوننەتت پێ نیە بۆ رەت كردنەوەی دینداری سەلەفیەكان ناچاری ئەڵێی : (( ئەم شاعیرانە بە بەشێك نین لە كلتوری ئیسلامی رەسەن لای ئەوان )) !!! ئەمەش تەنها بۆ خۆڵكردنە چاوی خەڵكە و هیچی تر .

٩ ـ *ئەبوبەكر كاروانی* **ئەڵێ** : (( دووەمیان : ئاماژەیە بە كۆتایی هاتنی یان ناكاریگەری فۆرمی ئیسلامیەكان لە كۆمەڵگای ئێمەیا لەبەر ئەوەی كە بانگەوازێكی رۆحی اخلاقی دینی ناحزبی لەبەرامبەر سەلەفیەكانەوە نیە كە بۆشاییەكە پڕ بكەنەوە بۆشاییەك دراوە بە دەستەوە ئەوان پڕی دەكەنەوە )) .

**پاشان ئەڵێ** : (( سێیەمان : لەبەر ئەوەی دەسەڵات لە كوردستانا دەعمیان ئەكات بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتیان ئەدات وە مینبەریان ئەخاتە بەردەست و جێگایان بۆ دەكاتەوە )) .

ئەمە زۆری لەسەر نانوسم چونكە وەك خۆت ئاماژەت پێكردوە سەلەفیەكان لە كاتێكدا گەشەیان كردووە كە تۆ ناوت لێناوە ( كۆتایی هاتن یان ناكاریگەری فۆرمی ئیسلامیەكان ) كەواتە بە قسەكەی تۆ لە ئەنجامی كزبوونی كاریگەری ئیسلامیەكان سەلەفیەكان گەشەیان كردووە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە سەلەفیەت چارەسەرە نەك كێشە چونكە حیزبە شلڕەوە بەناو میانڕەوەكەی جەنابت و هاوشێوەكانی نەتانتوانیوە هەڵگری بانگەوازێكی ( رۆحی و اخلاقی و دینی ناحیزبی ) بن بۆ چارەسەركردنی قەیرانەكانی كۆمەڵگا بۆیە سەلەفیەكان ئەو بۆشاییەیان پڕ كردوەوە كە ئێوە دروستان كردوە و نەتانتوانیوە پڕی بكەنەوە ، هەربۆیە بەپێی قسەكانی خۆت بانگەوازی سەلەفیەت بانگەوازێكی رۆحی اخلاقی دینی ناحزبیە ، و توانیویانە ئەو بۆشاییە پڕ بكەنەوە كە ئێوەی ئیسلامی نەتانتوانیوە پڕی بكەنەوە . دەركەوت لەم سەردەمی قەیرانی دارایی و اخلاقی و كۆمەڵایەتیە بونی سەلەفیەكان پێویستە نەك ناپێویست .

وه بە نیسبەت دەسەلاتەوە ئێوە بەدەر لەوەی وەزیر و مدیر عام و کارمەندی پلە باڵاتان هەیە لە دەسەلات بەشی خۆتان مینبەرتان بردووە ، کەواتە بە پێوەرەکەی خۆت ئێوە زیاتر پیاوی دەسەلاتن و لە دەسەلاتەوە نزیکن بۆیە کاتێك ماڵەکەی خۆت لە شوشە بوو بەرد مەگرە ماڵی خەڵکی .

١٠ ـ **ئەبوبەکر کاروانی** ئەڵێ : (( لە بەرئەنجامی کۆتایی من پێم وایە گەشەکردنەکەیان ـ سەلەفیەکان ـ لە کوردستانا گەشەکردنێکی وەرزیە هەڵچون و داچونە داکشانە پێم وانیە گەشەیەکی گەورە بکەن لە داهاتووی کوردستانا )) .

بەڕێز **ئەبوبەکر کاروانی** پێوەری کەم بونەوەی لایەنگرانی حیزبەکەت و هاوشێەکانی کەم بوونەوەی ژمارەی کورسیەکانتانە لە پەرلەمان ، وابزانم ئەو هەڵچون و داچوونە جارێ توشی خۆتان بووە ، بەڵام بە چ پێوەرێك ئەم قسەیە سەبارەت بە سەلەفیەکان دەکەی ؟ ئەی نازانی واقیع پێچەوانەی قسەکەی تۆی دەرخستووە ؟ رۆژ لەدوای رۆژ بانگەوازی سەلەفیەت لە گەشەسەندن دایە بەتایبەت لە نێو گەنجان هەر ئەمەش وای کردووە کەسێکی وەك بەرێزتان ترس دایگرێ لە گەشەسەندنی سەلەفیەت چونکە ئەو بۆشاییانە پڕ دەکەنەوە کە ئێوە نەتانتوانیوە پڕی بکەنەوە ، بێگومان ئەمەش بە نیسبەت جەنابتەوە مەترسیە بۆ سەر ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەی خۆت ، بۆیە ئەوەی لە هەڵکشان و داکشان و کەم بونەوە دەترسێ ئێوەن نەك سەلەفیەکان ، چونکە هەرکەس ببێتە سەلەفی بۆ خۆی و قیامەتی خۆی دەبێتە سەلەفی بەڵام ئەوەی بۆ نمونە ببێتە یەکگرتوو دەنگێکی هەڵبژاردنەکانتان زیاد دەکات بۆیە بەو جۆرە وتانە دڵی خۆت خۆش مەکە چونکە سەلەفیەت لە زیادبونی بەردەوام دایە واقعیش شاهیدە .

١١ ـ **ئەبوبەکر کاروانی سەبارەت بە ژن ئەڵێ** : (( یەکگرتوەکان بروایان هەیە کە ژن ئەبێ لە سەردەمەکەی خۆیدا بژی ژن بە پاراستنی کەسێتی ئیسلامی خۆیەوە ئەبێ لەناو دڵی ئەم سەردەمەیا بژی ئەبێ مافە سیاسیەکانی دەستەبەر بن ئەبێ بەشداریەکی کاریگەر لە هەڵبژاردنەکاندا بکا لە شێوەکانی تری بەشداری مەدەنی و سیاسی بکات ئەتوانێ وەزیر بێ

**ئەتوانێ پەرلەمانتار بێ ئەتوانێ مامۆستای زانکۆ بێ ئەتوانێ جەنگاوەر بێ لە شەڕەکاندا کە پێویستی کرد واتا لە هەموو بوارەکانی ئەم ژیانەیا لە بواری ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتیا بەشداری هەبێ وە بەهەرمەند بێ لە هەموو ئەو مافانەی کە مەنزومە نوێیەکانی ماف پێدانی مرۆڤ و هاوڵاتی لەم سەردەمەیا دەستەبەری کردووە کە ئێمە ئەتوانین لە ئیسلامیشا رەگ و ریشەی قوڵیان بۆ هین بکەین )) .**

*کاک ئەبوبەکر کاروانی* زۆر هەڵەی بەڕێزم ژن لای ئێوە کەسایەتی ئیسلامی خۆی لەدەست داوە چونکە وەك کالآیەك بەکاری دێنن بۆ زیادکردنی کورسیەك لە پەرلەمان یان پڕکردنەوەی کورسیەك لە دەسەلآت ئەمە جگە لەوەی ژن لای ئێوە کالآیەکی بازرگانیە و پارەی پێ پەیدا دەکەن بۆ کەناڵەکەتان ، کام مافی سیاسی بەڕێزم ئەوەی وێنەی ژن و کچەکانتان لەسەر دیوار و لەسەر جادەکان هەڵدەواسن بەبیانوی بانگەشەی هەڵبژاردن ؟ یان ئەوەی بە فول مکیاج کراوی ئەیانهێننە سەر شاشە بەبیانوی یەکسانی و ئازادی لە کاتێکدا لای سەلەفیەت ژن کالآیەك نیە بۆ بەدەست هێنانی پلەی سیاسی یان هۆکار نیە بۆ زیادکردنی بینەری تەلەفزیۆنەکەیان . پاشان عەیب و نەنگیە بۆ کەسایەتیەکی بەناو ئیسلامی کە خاوەن قورئان و سوننەت بێ کەچی لە نێو مەنزومە نوێیەکانی ماف پێدانی مرۆڤ بەدوای مافی ئافرەت بگەڕێ دواجار لە شەریعەتدا بەدوای رەگ و ریشەیدا بگەڕێ . بەڕێزم ژن لای ئێوە کالآیەکی سیاسی و بازرگانیە لەبەرامبەردا ژن لای سەلەفیەکان شازادەیە و پێویستی بە یەکسانی نیە بەڵکو پێویستی بە دادپەروەریە .

١٢ ـ وە *ئەبوبەکر کاروانی* **دەڵێت : (( لە رووی جل و بەرگ ئەوانەوە قەناعەتیان بە نیقابە کە دەبێ دەم و چاوی ژن داپۆشراو بێ وە نابێ هەتا ئەم سەرپۆش و ئەم باڵاپۆشیەی کە لە ئێستایا هەیە بە ناتەواوی دەزانن )) .**

*کاک ئەبوبەکر کاروانی* کە قسە دەکەی بە رەهایی قسە مەکە چونکە جارێ بابەتی نیقاب جێگای راجیاوازی زانایانە ئەوەی باوەڕی پێی هەبێ ئەیکا و ئەوەشی قەناعەتی پێی نەبێ نایکات ، جا چۆن بۆ ئەوانەی خۆت پێت خۆشە حیجابی تورکی بپۆشن رێگریش مەکە لە سەلەفیەکان ئەگەر نیقاب

بپۆشن . پاشان ئەوە سەلەفیەکان نین سەرپۆش و بالاپۆشیەکەی ئێوە رەت بکەنەوە بەلاّم بلێم چی تۆی بەناو رۆشنبیری ئیسلامی ئاگات لە قورئان و سوننەت نیە ، تۆ تا ئێستایش پێت وایە حیجاب پارچە پەرۆیەکە ئەدرێ بە سەردا بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی پارچەکە تەنکە یان تەنها نیوەی سەریانی داپۆشیوە ، بەبێ ئەوەی گوێ بدەی بەو جلەی لە بەریانە تەسکە یان سەرنج راکێشە ، عزیزم ئەوە پێی ناوترێ حیجاب ، بۆ ئەوەی زیاتر بۆت روون بکەمەوە ئەو حیجابە تەسك و رەنگاورەنگەی ئێوە بە تەرازوی قورئان و سوننەت ئەپێوین بزانین جل و بەرگێکی شەرعین یان هاوچەرخن ؟.

خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( سورة الأحزاب : ٥٩ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بلێ : با جلبابەکانیان ( جلبابیش : واتە : عابا ) بدەن بە خۆیاندا، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن، پەروەردگاری تۆش لێ بووردە و میهرەبانە .

ابن کپیر ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : خوای پەروەردگار فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە فەرمان بکات بە ئافرەتانی بڕوادار ـ بە تایبەت خێزان و کچەکانی لە بەر ڕێز و پلەیان ـ کە ( جلبابەکانیان ) بە خۆیاندا بدەن، بۆ ئەوەی جیا بکرێنەوە لە شێوە و شێوازی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی، و شێوەو شێوازی ئافرەتانی کەنیزەك، ( جلباب ) یش ئەو پۆشاکەیە کە لە سەرەوەی سەرپۆشدا ئافرەتان دەیدەن بە خۆیاندا ( واتە : عابا )، ئەمەش وتەی : ( ابن مسعود وعبيدة وقتادة والحسن البصري وسعيد بن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراساني ) يە .
( تفسير القرآن العظيم لابن كثير : ( ٣ / ١٥١٠ ) .

هەروەها ( القرطبي ) ش ـ بەڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە تەفسیری ووشەی ( جلابيب ) فەرموویەتی : ... بەلاّم ووتەی ڕەوا ئەوەیە بوترێت: ئەو پۆشاکەیە کە هەموو لەش داپۆشێت،

هەروەکو لە "صحيح مسلم" دا هاتووە لە ( أم عطية ) ەوە کە فەرموویەتی : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی: با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات تفسير القرطبي : (١٤ / ٢٤٣) ، هەروەها بڕوانە : "فتح القدير" للشوكاني : (٤ / ٣٠٤).

شێخی فەرمووده ناسی سەردەم ( محمد ناصرالدين الألباني ) بە ڕەحمەت بێت فەرموویەتی ...

جلبابیش : بریتی یە لە عابا کە ئافرەت خۆی پێدادەپۆشی لە سەر هەموو پۆشاکەکانیەوە ، لە ڕەوا ترین ووتەی زانایان ، ئەوەش زیاتر بە کاردەهێنرێت لە کاتی دەرچوونیدا لە ماڵ ، هەروەکو دوو شێخی پایە بەرز ( البخاري و مسلم ) و جگە لەوانیش بۆمان دەگێڕنەوە لە ( أم عطية ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردین کە ئەمانە دەربکەین لە گەڵ خۆماندا : ( کچانی پێگیشتو و ئەوانەش کە لە بێنوێژیدان و ئەوانەش لە ( خدردان / کە جێگایەکی تایبەتە بۆ کچان لە ماڵدا ) سەبارەت بەوانەی کە لە بێ نوێژیدان ( حيض ) نوێژیان لە سەرنیە ، بەڵام خێر و پاڕانەوەی موسڵمانان دەبینن . دەڵێت : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات .

شێخ ئەنوەری کشمیری لە ( فيض الباري ) لە ( ١ / ٣٨٨ ) دا سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی: **" لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جلباب پێویستە لە کاتی دەرچووندا ، وە ناشبێت بڕواتە دەرەوە ئەگەر جلبابی نەبێت .**

**جلبابیش : پۆشاکێکە سەرتا پای ئافرەت دادەپۆشێت " ، واتە : جلباب ئەو پۆشاکەیە کە ئافرەتان لە سەرەوەی جلەکانیانەوە بە خۆیاندا دەیدەن ، و سەرتا پایان دەگرێتەوە .**

پێشەوا ابن بازیش فەرموویەتی : وە لە بەڵگەکانی سوننەت ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا کاتێك فرمانی کرد بە دەرچوونی ئافرەتان بۆ شوێنی نوێژی جەژن ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە کێکمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشکەکەی لە عاباکانی خۆی بداتی و لە بەری بکات .

ئەم فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو سەردەمەدا ئەوە باو بووە لە ناو ئافرەتانی صەحابەدا کە نابێت ئافرەتان لە ماڵ بڕۆنە دەر بەبێ عابا .

کەواتە حیجابەکەی ئێوە بە دەقی قورئان و وتەی زانایان ناشەرعیە نەك قسەی تاك تاکی سەلەفیەکان ، عزیزم عابا و حیجابی سەلەفیەکان شەرعیە و ئەوەی ئێوەش وەك خۆت وتت هاوچەرخە . بۆیە جیاوازی بکە لە نێوانی حیجابی شەرعی و حیجابی تورکی

١٣ ـ **سەبارەت بە ژن** *ئەبوبەکر کاروانی* **ئەڵێ :** **(( بۆیە ئەتوانم بڵێم دوو قوتابخانەی جیاوازن لێرەدا ژن بونی خۆی ئەدۆزێتەوە بەشدارە ژنێکی هاوچەرخە بە باگراوەند و هەناسەیەکی ئیسلامیەوە لەوێ ژنێکە لە چوارچێوەی تەفسیرەکانی مێژوا بە ناچاری خۆی ئەگونجێنێ لەگەڵ هەندێ شتی ئەم سەردەمەیا )) .**

بەڵێ راست دەکەی دوو قوتابخانەی زۆر زۆر جیاوازن ژن لای ئێوە بونی راستەقینەی خۆی ون کردوە و کەسایەتی ئیسلامی خۆی لەدەست داوە و بۆتە کاڵایەکی بازرگانی و سیاسی لای ئێوە ، ژن لای ئێوە بونی خۆی دۆزیوەتەوە وەك ژنێکی هاوچەرخ لەگەڵ مۆدێرنە بگونجێ بەڵام ئەو کەسایەتیە ئیسلامیەی لەدەست داوە کە خوا و پەیامبەرەکەی فەرمانیان پێکردوە ، لای سەلەفیەکانیش بونی راستەقینەی خۆی دۆزێتەوە بەوەی شوێنی قورئان و سوننەت کەوتووە کە تۆ ناوی لێدەنێی ( چوارچێوەی تەفسیرەکانی مێژوو ) ژن لای ئێوە هێندە مافە سیاسیەکانی پارێزراوە تا ئەو ئاستەی شێخی گەورەتان **قەرەزاوی** ئەڵێ : (( أنا أرى أن المرأة تستطيع أن تقدم بدورها في هذا الجهاد بما تقدر عليه ، وقد يستطيع المنظمون لهذه العملية الجهادية أن يوظفوا بعض النساء المؤمنات في هذه القضية )) !!!

هەروەها ئەڵێ : (( أما قضية الحجاب فإنها تستطيع أن ترتدي قبعة تغطي شعرها ، حتى عند اللزوم لو افترض أن تحتاج في اللحظات الحرجة أن تنزع الحجاب لتنفذ العملية ، فهي ذاهبة لتموت في سبيل الله ، وليست ذاهبة لتتبرج ، وتعرض نفسها ، فهل نخاف عليها من السفور و فزع الحجاب ؟ فالقضية محلولة ، وليس أي مشكلة )) !!!

**بینیوتە چۆن مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەت پارێزراوە لای ئێوە ! بینیوتە چەن بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا دەکەن ! بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی میانڕەوییە !! بەڵام حەیف بۆ بەناو ڕۆشنبیرێکی وەك تۆ کە هێندەی** ( أجاثا كريستي ) بیرت بەرفراوان نیە کەخاتونێکی نووسەری ناسراوی ئینگلیزی یە ئەڵێ : **بێگومان ئافرەتی سەردەمی ئێستا ساوێلکە و گەمژەن چونکە پایەیان لە ناو کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دێ خراپتر ئەبێ ، لەڕاستیدا ئێمەی ئافرەتان ڕەفتارێکی ساوێلکە و گەمژانە ئەنجام ئەدەین چونکە لە ماوەی ساڵانی پێشودا هەوڵ و کۆششمان کرد لە پێناو بەدەست هێنانی مافی کار و یەکسان بوون لە کارکردن لەگەڵ پیاوان . وە پیاوان گەمژە نین بەڵکو هانیان داین لەسەر ئەم کارە و ڕایانگەیاند کە ئەوان هەرگیز ڕێگر نین ئافرەتیش کار بکات و داهاتی مێردەکەی دوو هێندە بکات . وە جێگای داخە ببینین دوای ئەوەی ئەوەمان سەلماند کە ئێمە لە ڕەگەزی نەرم و نیان و لاوازین کەچی ئەمڕۆ ئەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە یەکسان بین لەگەڵ پیاوان لە ماندوبون و کۆشش کردن ( عارەق ڕشتن ) لە کاتێکدا ئەمانە پشکی پیاو بوون بە تەنها .**

تۆیش بەناو ڕۆشنبیرێکی ئیسلامی و بەناو میانڕەوی کەچی ئەوە قسەکانتە ، بەسیەتی فریودانی ژنانی کۆمەڵگا ، بەناوی یەکسانی هەموو مافەکانتان زەوت کرد و وەك کالآیەك بەکاری دێنن .

لە کۆتاییدا ئەڵێم :بەڵێ سەلەفیەکان نامۆن ، بەڵام نامۆیەکی خۆشبەختن چونکە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا پەیامبەری خوا فەرموویەتی : (( بدأ الإسلام غريبًا ثم يعود غريبًا كما بدأ فطوبى للغرباء الذى يصلحون إذا فسد الناس )) . وە هەر وەك بەرێزتان ئەڵێن : **(( لەبەر ئەوەی کە بانگەوازێکی ڕۆحی اخلاقی دینی ناحزبی لەبەرامبەر سەلەفیەکانەوە نیە کە بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە بۆشاییەك دراوە بە دەستەوە ئەوان پڕی دەکەنەوە ))** بۆیە سەلەفیەکان هاتوون ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە وە هەر ئەمەش لەو بڕگەیەی فەرموودەکەدا هاتووە کە ئەڵێ : (( يصلحون إذا فسد الناس )) . بۆیە بەڕێزم نامۆیی سەلەفیەکان مەدح کراوە چونکە هەموو پەیامبەران وشوێنکەوتەکانیان نامۆ بوون بە گەل و تیرەکانیان ، وە ئەو نامۆ بونەش خۆشبەختیە چونکە پێچەوانەی ڕەگەز پەرستی و نەتەوە

پەرستی و تیرە پەرستیە . سەلەفیەکان نامۆیەکی خۆشبەختن ، لە راستیدا ئەوەی وای کردبێ خەڵکی کورد نامۆ بن بە سەلەفیەت بیربۆچون و رەفتار و گوفتارەکانی بەرێزت و هاوشێوەکانتە کە کاریگەرن بە کلتوری رۆژئاوایی هەر لە جل و بەرگتانەوە تا بگاتە بەکارهێنانی ئافرەت وەك کاڵایەکی بازرگانی و هۆکاری گەیشتن بە دەسەڵات و ... هتد . بەڵێ سەلەفیەکان نامۆن چونکە کێشەیان هەیە لەگەڵ راپی بەناو ئیسلامی و زنجیرە تەلەفزیۆنی سفور ، و ئاهەنگی تێکەڵاو و گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك و ... هتد . هەیە بەڵێ سەلەفیەکان بەڵام نامۆیەکی خۆشبەختن .